# به مەرگی فیدڵ کاسترۆ، مرۆڤایەتی ئەزمونێکی دەگمەنی لەدەستدا



ماجید خەلیل

مامۆستای زانکۆ

FOCUS

کوبا وڵاتێکە دەکەوێتە ناوچەی کاریبییەوە، کە لەناو نیمچەدورگەی مەکسیکیدایە، پێك دێت لە دورگەی «کوبا» و دورگەی «لا جۆفنتۆد»، تێکڕای رووبەری وڵاتەکەش 109,886 کم2 دەبێت. «هاڤانا» پایتەختی وڵاتەکە و گەورەترین شـاری کوبایە. هاوکات «سانتیاگۆ دی کوبا» دووەم شاری ئەو وڵاتە پێك دەهێنێت. دانیشتوانی ئەو وڵاتە لە ئێستادا 11 ملیۆن کەس دەبێت و 75%ی دانیشتوانەکەی لە شارەکاندا دەژیـن. ئەو پێکهاتە رەگەزیانەی کە خەڵکی کوبا پێکدەهێنن بریتین لە «تاینو و سیبونییەکان». ئەم دورگەیە بۆ هەوەڵجار لەلایەن (کریستۆفەر کۆڵۆمبۆس)ـەوە لە 1492دا دۆزرایەوە و لە ساڵی 1511دا بۆ یەکەم جار نشینگەیەکی ئیسپانی لەلایەن (دیگۆ ڤیلاسکیز دی کوییار) دامەزرا. ئیدی ئەم وڵاتـە نزیکەی 400 ساڵ لە (1511ـ1899ز) لەژێر دەستی داگیرکاریی ئیسپانیادا مایەوە. ئەویش

وەك نێوەندێکی کشتوکاڵی سەرچاوەی ناردنی توتن و شەکر و شیرەمەنی بوو بۆ ئەوروپا و وڵاتانی ئەمەریکای لاتین. پاش ئەوەی ئەمەریکا دەکەوێتە ململانێوە لە تەك ئیسپانیا. لەساڵی 1898دا ئیسپانیا دەستبەرداری کوبا دەبێت بۆ ئەمریکا و بەپێی ڕێککەوتنی پاریس ئەمەریکا دەبێتە خاوەنی کوبا. دواتر لە ساڵی 1902 بەتەواوی کۆماری کوبا دادەمەزرێت و سەربەخۆی خۆی لە ئەمەریکا بەدەست دەهێنێت. خەڵکی کوبا بە گشتی سەر بە ئایینی کاسۆلیکی ڕۆمانین، کە 62% سەر بە مەزهەبی کاسۆلیکن و ئەوانی تر پرۆتستانت و هەندێك ئایینی ئەفریقی و تقوسی جیاجیان .

تویژەران و سیاسەتمەداران سەربەخۆبوونی تەواوەتی کوبا لە زەمەنی کاسترۆدا بە واقعی دەبینن. لەو سەردەمەدا بە تەواوی بونیاد و پێگەی نەتەوایەتی و ئایدیا و تیۆرەکانی گەلی کوبا بوونە داینەمۆی وڵاتێك کە لەسەر پێی خۆی وەستاوە. کاسترۆ ڕەنگدانەوەی ڕاستەقینەی گەلێکی ئازاد و زیندوو بوو لە بەرامبەر هێزە دەرەکییەکانیدا، سەرکردەی کاریزمای کوبا گەمەیەکی حەکیمانە و ئەزموونێکی پڕ لە موجازەفەی لە ژیاندا بۆ گەلەکەی هێنایە پێش. ئەو لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشەکەی لە ساڵی 1959دا، تاوەکو ساڵی 1976 بووە سەرۆك وەزیران و دواتر تاوەکو 2008 وەکو سەرۆکی کۆماری کوبا مایەوە. پاشتریش وازی لە پۆستەکەی هێنا بۆ (ڕاوڵ کاسترۆ)ی برای کە هەر لە سەرەتای شۆڕش و زیندان و خەباتی گەریلایی و مەنفاوە لەگەڵیدا بوو. لەو قۆناغەدا سیاسەتمەدار و لێکۆڵەرانی مێژوو، ژیان و سیاسەتی کاسترۆ وەك ساحرێك دەهێننە پێشچاو کە ئەو شتانەی ئەستەم بوون لەسەر دەستی ئەودا هاتوونەتە ئاراوە.

فیدڵ کاسترۆ ڕابەرێکی لۆکاڵی نەبوو، ناوهێنانی ئەو پەیوەست نییە بە مێژووی هاوچەرخی کوباوە. ئەو لە زەمەنێکی دوورودرێـژەوە و لە تاقیکردنەوەی ئەزموونگەلێکی جیاوازی خەباتەوە، لە خەباتی گەریلایی و شاخەوە بۆ تەختی درێژترین ماوەی سەرۆکایەتی، دەرهاویشتەیەکی ئێجگار دەوڵەمەندی دایە فەلسەفەی شۆڕشگێڕیی و خەبات و وەستانەوە بەرووی ستەم و سیاسەتی بـاوی دونیادا. هـەروەك ( ئەدۆڵفۆ پرێز ئسکیواڵد)ی ئەرژەنتینی براوەی خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی پێی وایە کە کاسترۆ وەك ئۆڵف پاڵمێ و ویلی براند دنیابینییەکی بەرینیان سەبارەت بە جیهان هەبوو. کاسترۆ لە وەختی لەنێوبردنی دیکتاتۆری کوبا (پاتیستا)وە ئیدی لە مێژووی کوبادا ئاوێتەی هەموو گۆڕانکارییەکان بووە. شۆڕشی کاسترۆ لەسەر بنەمای ماهییەتی سۆسیالیستی و کۆمۆنیستیدا لە کوبا، بووە بایسی چەندین ئاڵوگۆڕ و گۆڕانکاریی مەزن لە پێوەندییە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی کوبادا. کوبا لەبەردەم هەژموونی سیاسەتی دەرەکی ئەمریکادا قوتبوویەوە و بووە دیوارێکی ئاسنین. ئیدی گەمارۆ و برسیکردن و تیرۆر لە هەمبەر ئەو نەزمە نوێیەی کوبادا بووە ئەمرێکی واقیع کە هەر تەنها کاسترۆ دەیتوانی لە ڕوویدا بووەستێتەوە .

لـەم لێکۆڵینەوەیەدا پـەیوەسـت بـە ژیـان و هـزر و کاریگەرییەکانی کاسترۆ لە کوبا و ئەمریکای لاتین دەکۆڵینەوە و هاوکات دەرهاویشتەکانی سیاسەتی کاسترۆ لە بەرامبەر ئەمەریکا و دنیای سەرمایەداری و یەکێتی سۆڤییەت و ڕوسیادا پێشچاو دەخەین.

> **کاسترۆ ڕابەرێکی لۆکاڵی نەبوو، ناوهێنانی پەیوەست نییە بە مێژووی هاوچەرخی کوباوە. ئەو لە زەمەنێکی دوورودرێژ و لە تاقیکردنەوەی ئەزموونگەلێکی جیاوازی خەباتەوە، وانەیەکی دەوڵەمەندی دایە فەلسەفەی شۆڕشگێڕیی**

فیدڵ کاسترۆ ساڵی 1926 لە ئامێزی دایك و باوکێکی کۆچبەری ئیسپانیدا، کە خاوەن زەوی و زارێکی زۆر و دەوڵەمەند بوون، لەدایکبوو. باوکی فیدڵ (ئەلیخاندرۆ کاسترۆ روز)، یەکێك بوو لە هەرە دەوڵەمەند و خاوەن زەوییەکانی کوبا، هاوکات دایکیشی (لینا رووز) کە بەردەستی ماڵە بابی کاسترۆ بوو، هاوسەرگیریی لە تەکدا دەکات . کاسترۆ لە ساڵی 1945دا خوێندنی ئامادەیی خوێند و خرایە بەر خوێندنی زانکۆ. لە زانکۆی هاڤانادا توانی تاوەکو ساڵی 1950 بەشی یاسا بخوێنێت و بڕوانامەی بەکالۆریۆس بەدەستبهێنێت.

کاسترۆ لە ژیانی خێزانیدا فرە گۆشەگیر دەبێت، ناوبراو چەند جارێك هاوسەرگیریی کردووە و پاشان جودا بووەتەوە. یەکەم خاتمی ژیانی (دالیا سۆتو) بوو. دواتر لەساڵی 1948دا کە تەنها 22ساڵ تەمەنی بوو (میرتا دیاز) دەخوازێت.

کاسترۆ لە ساڵی 1955 دیسان لەو جودا دەبێتەوە. کاسترۆ خاوەنی 8 منداڵە، دیارترینیان کچێکیەتی کە نەیاری سەرسەختی باوکیەتی و لە ئەمریکا دەژی.

ناوبراو خاوەنی تایبەتمەندی تایبەت بەخۆی بوو کە وەکو سەرکردەیەك پێی دەناسرایەوە، ئەو هەر لە منداڵییەوە باوەڕی بە ئایین نەبوو، دواتریش بە ئاشکرا یەکێك بوو لەو سەرکردانەی کە خۆی وەك بێ باوەڕ نیشاندا بوو، لەو میانەیەدا لە شەستەکاندا (پاپای ڤاتیکان) بە مولحید و هەڵگەڕاوە لە مەسیحییەت ناوزەدی کرد.

کاسترۆ لە خوێندنی یاسادا زەمینەی بە رووی سیاسەتی وڵاتەکەیدا کرایەوە، هەر لەو دەمەیدا کە سەرقاڵی کاری پارێزەری بوو، لە نوسینگەیەکی گچکەدا ئەو هەستەی لەلا گەڵاڵە بوو کە بتوانێت ببێتە ئەندامی پەرلەمانی کوبا. ناوبراو دواجار هێزێکی جەنگاوەری پێکهێنا، ئەم هێزە زیاد لە 1200 شوێنکەوتەی هەبوو، کە بە بزووتنەوەی 26ی جولای ناسران، ئەوان دەستیان دایە خۆسازدان و خەباتی چەکداری و هێرشیان دەکردە سەر بنکەکە سەربازییەکانی میریی و لە هاڤانادا ببوونە مایەی دەردەسەری مەزن بۆ دەوڵەت. چونکە نەیاری ئەو کۆدەتایە بوو کە سەرکردەیەکی وەك (پاتیستا) لە کوبادا کردبووی، بە مەبەستی دەستپێکی چالاکییەکانی هێرشی کردە سەر بنکەیەکی سەربازی و چەندین کەس لە شوێنکەوتوانی کوژران، ئەو جێگەیە بە ناوی مونکادا بوو لە سانتیاگۆ، کە کاسترۆ لە یاداشتەکانیدا دەڵێت ساڵی 1952 بوو، تێیدا 9 لە هاوەڵانی کوژران و دواتر 56 لەوان لەسێدارەدران. بۆخۆیشی توندی زیندان کرا. لەوێدا دادگا بڕیاری زیندانیکردنی کاسترۆی دا بۆ ماوەی 15 ساڵ، بەڵام تا ساڵی 1955 لە زینداندا مایەوە و دواتر فەرمانی ئازادبوونی بۆ دەرچوو. چونکە فشارێکی سیاسی مەزن لەسەر حکومەتی پاتیستا هەبوو، میریش بۆ هێورکردنەوەی ڕەوشی وڵات ناچار بوو بەرهەڵستکارەکانی خۆی ئاشکرا بکات.

پاش ئازادبوونی خۆی و براکەی کە ناوی (راوڵ) بوو، دوورخرانەوە بۆ وڵاتی مەکسیك. لەوێ لە تەك شوێنکەوتووەکانی بەتەواوی ڕۆحێکی شۆڕشگێڕی لە هەناویاندا جۆشی دەدا، ئەوان لاوی کەم تەمەن و سەوداسەری ئازادی بوون و دژ بە نەزمی تاکگەرایی و دیکاتۆرییەتی وڵات بوون، ئەوان بە ئەدەبیاتی کۆمۆنیزم و مارکسیزم گۆشکرابوون و هەڵوەدای شێوە ژیانێکی ئازادی سادە و ساکار بوون و هەموو توخمەکانی مادییەت و سەرمایەداری و زەنگینییان دەدایە دواوە. لەوێ بوونە گروپێکی شۆڕشگێڕ و کەسێکی وەك (ئێرنستۆ چی گیڤارا) پێوەست بوو پێیانەوە. ئەوان هەموو خاکێکی ژێر چنگی سەرمایەدارییان بە شیاوی خەباتی گەریلایی و پارتیزانی دەزانی و پێیان وابوو دەبێت خەباتیان خەباتێکی لۆکاڵی نەبێت و مرۆڤانە بێت.

کاسترۆ و هاوەڵەکانی بڕیاریاندا رووبەڕووی میری ببنەوە. ئەوان باوەڕیان بە خەباتی پارتیزانی و جەنگی دەستە و یەخەی دامەزراوەکانی پاتیستا بوو لە کوبا. ئەوەبوو خۆی و هاوەڵەکانی هاوڕێ لەتەك گیڤارا، بە سواری بەلەمێکی دەریایی توانییان بێنەوە لێوارەکانی کوبا و دەست بدەنە خەبات، هاوەڵەکانی ئەو لە 80 کەس تێنەدەپەڕین، ئەوان خاوەنی چەك و چۆڵی سادە و چەند چەکێك بوون، کە هێندەی پەنجەکانی دەست دەبوون. لەوان تەنها 40 کەسیان توانییان بگەنە شاخەکان و خەبات رابگەیەنن، ئیدی لە «سیێرا مایسترا» کە زنجیرە شاخێکی کوبا بوو دەستیان پێکرد. دواتر سوپا و کەسانی چینی ناوەند و خوێندکاران بەرەبەرە چوونە ریزەکانیانەوە. بزووتنەوەکەی ئەوان هەر لە سەرەتاوە بە

بزووتنەوەی 26ی ئەیلول ناسرابوو. ئەوان توانییان لە سەرەتاوە ناوچەیەك بۆ شۆڕش ئازاد بکەن و بەرنامەڕێژی ئەوتۆ بکەن بۆ دووركەوتنەوە لە شەڕی ئەمەریكا، چونكە سەرەتا كەسێك كە لە سەر بنەما و پشتیوانی بەرنامەی (تۆماس جیفرسۆن) و (ئەبراهام لینكۆڵن) دەڕۆی، هاوكات سەرمایەدارێكی مەزن بوو راسپێردرا بۆ كاروبارەكان، ئەوە بۆ ئەوەبوو ئەگەری هێرشی ئەمریكی هەروەك چۆن لە «گواتیمالا» روویدابوو دووبارە نەبێتەوە. بەم جۆرە توانییان تەواوی كوبا بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە. ساڵی 1956 دەستیان دابووە جموجوڵی سەربازی، كە 40 كەس لەتەك كاسترۆدا بوون و لە چیاوە دەستیان پێكرد، ئەوە لەكاتێكدا بوو كە وەختێك لە مەكسیكەوە هاتبوونە كەناراوەكانی كوبا دووچاری هێرشی چاوەڕواننەكراو و لەناكاوی رژێمەكەی پاتیستا ببوونەوە. ئیدی كاسترۆ بە خەباتی پارتیزانی دەستییێكرد، بەرەبەرە جۆشوخرۆشی لاوان بۆ سادەیی و بۆ خاكیبوونی ئەو زیاد بوو، لە ریزەكانی سوپاوە دەچوونە نێو ریزی شۆڕشگێڕانی كاستڕۆوە، بەجۆرێك لە ماوەی دوو ساڵدا هێندە فشاریان دروستكرد، كە خودی سەرۆك وەزیران و سەرۆك كۆمار لە (1ی یەنایەری 1959)دا هەڵهاتن و وڵات كەوتە دەستی شۆڕشگێڕان. هێزی شۆڕشگێڕان لەژێر سەركردایەتی گیڤارادا، كە تەنها 300 چەكدار بوون، چونە نێو هاڤانای پایتەختەوە. ئیدی وڵات كەوتە دەست كاسترۆوە. ئەو رۆژەی كاسترۆ چووە پایتەختەوە رۆژێكی مێژوویی بوو، بە دەیان هەزار لە لاوان و شۆڕشگێڕان و خەڵكی بندەستی كوبا چاوەڕێی كاسترۆ بوون، كاسترۆ هات و وتارێكی دوور و درێژی خوێندەوە، تێیدا مانیفێستی كۆمۆنیزمی روون كردەوە و بناغەی كوبای لە سفرەوە ئاماژە پێدا. لێرەوە هەموو پیشە و پیشەسازی و سیاسەتی وڵات لە ریشەوە گۆڕا و پرەنسیپەكانی شۆڕش بەرجەستە بوون و هەوڵەكانی میری ناكام بوون بۆ سەرلەنوێ گەڕانەوە بۆ باری پێش شۆڕش، مەزنترین هەوڵ بە رووداوی نیمچە دورگەی بەرازەكان ناسرابوو لە ساڵی 1961، كە بەتەواوی شكستیهێنا.

دیارە پێشتر كوبا وەك داگیرگەر و بندەستێكی سیاسەتەكانی ئەمەریكا وەها بوو. پاتیستا (1901 ـ1973) لە ساڵی 1933 وەك

**كاسترۆ ریفۆرمی ئابوری و رەهەندی تەندروستی و پەروەردەی لەپێشچاو گرتبوو، لە بواری تەندروستی و پەروەردەدا هەنگاوی زۆر بێ ئەندازەی نا و شوێنی بەسەر نەوەكانی گەلی كوباوە بە زەقی دیاربوو.**

سەردارێكی دیار لە كوبادا دەركەوتبوو. ئەو ساڵی 1933 توانی كۆتایی بە حكومەتی (كارلۆس) بهێنێت و ساڵی 1940 وەك سەرۆكی وڵات دیاریكرا. ناوبراو یەكێكبوو لە نووسەرە دیارەكانی كوبا و خاوەنی 10 پەرتوكە لەبارەی كوبا و یاسا و سیاسەتی ئەمەریكاوە. لە میانی دەسەڵاتیدا توانی بەرهەڵستكارەكانی سەركوتبكات و فرەیی حزبی نەهێڵێت و بەتەواوی وڵات گیرۆدەی كۆمپانیا ئەمریكییەكان بكات. لە سەردەمی ئەودا هەژاری گەیشتە لوتكە، دەزگا هەواڵگرییەكانی كوبا دەستیان دابوویە تیرۆر و كوشتنی دەنگە جیاوازەكان. پاتیستا ساڵی 1940 بۆ 1944 وەك سەرۆك هەڵبژێردراو و پاش ئەوەی لە تەخت دوورخرایەوە، دیسان ساڵی 1952 بە هاوكاری ئەمەریكا هێنرایەوە سەر تەختی دەسەڵات و وڵاتی كردە گۆمی خوێن بۆ نەیارانی. دیارە لەپاش سەربەخۆبوونی كوبا لە داگیركاریی ئیسپانیا لە ساڵی 1902، ئیدی كوبا پڕبوو لە رەوشێكی ناجێگیر لە كۆدەتا و شەڕ و هەرا و ئاژاوەی سیاسی. كە تێكڕای ئەوانە خاڵی نەبوون لە سیاسەت و ئەجێندای ئەمەریكا بۆ رامكردنی ئەو وڵاتە. بەڵام

هیچ کاتێك وەك سەردەمی پاتیستا وڵات گیرۆدەی کۆمپانیا و سیاسەتی ئابووری و سەرمایەداری ئەمەریکا نەبووە. پاتیستا لە یەکەم ویلایەتیدا چانسی پشتیوانی هەبوو لەلایەن حزبی شیوعی کوبییەوە. بەڵام لە دووەم جاردا بووە هێزێکی تۆقێنەر دژ بە حزبی شیوعی کوبی و بەتەواوی دژی هەموو بەرامەیەکی کۆمۆنیزم و چەپ بوو لە کوبادا. ئەوە لەکاتێکدا بوو کە خەڵکی بەدەست بێکاری و هەژاری و نەدارییەوە دەیاننالاند.

هەموو ئەو هۆکارانە وایانکرد کە گەلی کوبا پێویستییان بە لاوێکی شۆڕشگێڕی وەکو کاسترۆ بێت. دووجا کاسترۆ لە ئاکامی شۆڕشێکی درێژخایەن و دانەبڕاودا و لە ئاکامی چێکردنی گروپی چەکداری شۆڕشگێڕ و پڕاوپڕ بە ئایدیای مارکسی-لینینی هاتنە پێش و سەرکەوت. ئەوان لە مێژوودا بوونە ئەزموونێکی دەگمەن کە بە گروپێکی چەکداری بێ پشتیوانەوە، بە توانایەکی سنوردای کورتەوە، بە هێزێکی بێ مادەی سادەوە، توانییان خواستی شۆڕشگێڕی خۆیان لە بەرامبەر هێزێکی پڕکراو بە مادە و چەك و پشتیوانی وڵاتێکی زەبەلاحی وەك ئەمریکا بەچۆکدا بهێنن. ڕووداوەکانی سەردەمی شۆڕش، بەتایبەتی لە پاش 1955 و پاش ئەوەی کاسترۆ لە زیندان ئازاددەبێت دووردەکەونەوە بۆ مەکسیك، ئیدی پەیوەندیی ئەو لەتەك شۆڕشگێڕانی چەپ بەتایبەتی لەتەك گیڤارا، خاڵی وەرچەرخان دەبن لە خەباتی گەلانی بندەست و لە خەباتی چەپە شۆڕشگێڕەکان. سنووردارێی ڕێژەی ئەوان و مەشقە نەبڕاوەکانیان و ئیرادەی مەزنی ئەوان، کە بە شێوەیەکی تیۆری لاوانیان جۆش پێدەدا، توانییان بۆ هەوەڵجار لەسەر ئاستێکی بەریندا بیسەلمێنن کە مارکسیزم و لینینیزم تەنێها تیۆر نیین و تەنها باوەڕی نێو مانیفێستەکان نییە، وەك نوسەرێکی ئەمەریکی بەنێوی (جەیمس) پێیوایە ئەزموونی شۆڕشی کاسترۆ بە لەدایك بوونی ئەفسانەیەك بۆ سەر زەمینی واقیع پێناسە دەکرێت، ئەو پێیوایە ئەوەی کاسترۆ کردی بە عەقڵ ناکرێت، ئەوەی ئەو کردی تەنها خەونێك بوو کە جێگەی سەرسوڕمانە چۆن هاتەدی. هەربۆیە وێنای کاسترۆ بە نووسین دەکێشێت، کە چۆن لەسەر گاشە بەردەکاندا و بەدەم کێشانی جگەرەکەیەوە ئاوڕ بۆ هاوڕێکانی دەداتەوە و دەپرسێت چەند چەکمان پێیە، پێی دەڵێن ڕێژەیەکی زۆر کەم. ئەویش بەدەم کێشانی هەناسەیەکی سیخناخ لە حەسرەتەوە دەڵێت کەواتە دەست پێدەکەین.

هەروەها لەلایەکی ترەوە پاش ئەوەی لە کەنارەکانی کوبادا هێزەکانی دەوڵـەت لێیان دێنە دەسـت، زۆرێـك لە هاوڕێکانی دەکوژرێن، ئەوە تەنها ئیرادەیەکی پۆڵایینە کە هێشتا جارێ بەردەوامی دەدات و بەرەو زنجیرە شاخەکان دەکشێت. کاسترۆ توانی شۆڕش بکات و سەرلەبەری پرەنسیپەکانی وڵات بگۆڕێت و لە سفرەوە دەستپێبکات. هەربۆیە لێکۆڵەران وەختێك پێناسەی شۆڕش دەکـەن، تاکە نموونەیەکی بەرچاوی مێژووی هاوچەرخ دەستبردنیانە بۆ شۆڕشی کوبا، کە هەمیشە مایەی شانازی بەشێکی زۆری کۆمۆنیستەکان و سۆسیالیستەکان بووە. کاسترۆ پاش سەرکەوتن بەسەر دەسەڵاتی دیکاتۆر و خوێنڕێژ و دەسەڵاتی بەکرێگیراوی ئەمەریکادا، ئیدی سەرلەنوێ وڵاتی فۆرمولەکردەوە. کاسترۆ پشتی بەست بە نموونەی باڵای مارکسی و لینینییەکان بەست لە گەشەپێدانی ژێرخانی ئابووریی وڵاتدا. کاسترۆ لەم هەنگاوەیدا توانی کوبا بکاتە دەوڵەتێکی سۆسیالیستی و لە هەناوی ئەو دەوڵەتەدا تاکە پارتێکی کۆمۆنیستی کوبی ریشەکانی دابکوتێت. کاسترۆ لە دەوڵەتدارییەکەیدا ریفۆرمی ئابووری و ڕەهەندی تەندروستی و پەروەردەی لەپێشچاو گرتبوو، بەشێوەیەك لە بواری تەندروستی و پەروەردەدا هەنگاوی زۆر بێ ئەندازەی نا و شوێنی بەسەر نەوەکانی گەلی کوباوە بە زەقی دیار بوو. کاسترۆ لە نەزمە تاك حزبییەکەدا دیسانەوە هەموو بەرهەڵستکارەکانی خۆی سەرکوت کرد و دەستی گرتبوو بەسەر میدیادا، بەجۆرێك زۆرێك ئەو بە وەحشێك ناودەبەن کە کوبای گیرۆدەی خۆی کردووە. لەلای بەشێکی تریش وەك فریشتەی ڕزگاری گەیشتبووە ڕادەی پیرۆزیی. بەڵام لەنێو ڕەوتی چەپی جیهانیدا ببووە سیمبولێکی حاشاهەڵنەگر، چونکە لە وڵاتێکی برسییەوە کوبای کردبووە وڵاتێك کە تێیدا دەستی هاوکاری بۆ بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکانی دژ بە ئیمپریالیزم درێژ دەکرد. کاسترۆ پشتیوانی دامەزراندنی حکومەتە مارکسیستەکان بوو لە چیللی و نیکاراگوا و گرینادا، هەروەها یەکێکی تر لە کارەکانی ناردنی هاوکاری سەربازی و هێزی چەکدار بوو بۆ بەهاناوە

چوونی بزاڤە شۆرگێڕییەکان ، بۆ نموونە هێزی نارد بۆ یاریدەی هاوپەیمانەکانی لە جەنگی ڕۆژی بەخشندەیی. یاخود جەنگی تشرینی 1973 کە جەنگی نێوان ئیسرائیل و عەرەب بوو، لەم جەنگەدا کوبا لەبەرەی عەرەبدا شان بەشانی گەلێک وڵاتی تر بەرەنگاری ئیسرائیلییان دەکرد.

کاسترۆ لەپاش سەرکەوتنی شۆڕشەوە ئیدی وڵاتەکەی کردە پەناگە و چەقی ململانێکانی دوو جەمسەری جیاواز لە دونیادا، کە جەمسەری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بوون. یاخود جەمسەری سۆسیالیستی و ئیمپریالیزمی سەرمایەداریی.

هەربۆیە کاسترۆ لە ماوەی 50 ساڵ دەسەڵاتدارییەتی خۆیدا توانیبووی لەگەڵ هەموو ئەو هێزانەدا پەیوەندییەکانی توندوتۆڵ بکات کە دژ بە ئەمریکا و خۆرئاوا بوو. کاسترۆ لە 23ی ئەیلولی 1960 لە میانی کۆمەڵەی گشتی نەتەوەکان لە نیویۆرکدا چاوی بە (نیکیتا خرۆشۆف) دەکەوێت و پەیوەندی مۆسکۆ و کوبا دەستپێدەکات، هەر لەوێدا مۆسکۆ هەڕەشە دەکات و دواتی دەکاتەوە کە کفن بۆ ئەمریکا دەدورن. هاوکات باوەڕیشیان دووپاتدەکەنەوە کە داهاتوو بۆ سۆسیالیزم دەبێت. کاسترۆ هەر لە دەستپێکی شەستەکاندا هەوڵەکانی خۆی خستە گەڕ بۆ هاریکاری و بونیادنانی دەوڵەتە سۆسیالیستییەکان، لەو میانەدا چاوی بە (ئەحمەد بیلا)ی سەرۆکی جەزائیر کەوت و لە هاڤاناوە دواتی دەوڵەتی سۆسیالیستی جەزائیریان کردەوە. سەرەڕای ئەوەش پەیوەندیی بەردەوامی لەتەك (جەمال عەبدولناسر) هەبوو، چونکە لە دووای شۆڕشەوە ئیدی میسر و گەلی میسر وەك ئەفسانە سەیری کاسترۆیان دەکرد و میدیای میسری (جەمال عەبدولناسر) یان هاوشێوەی کاسترۆ دژ بە ئیسرائیل ناودەبرد. هاوکات پەیوەندی تەواوی لەتەك کۆمۆنیستەکانی ئەوروپادا هەبوو، بەتایبەتی لەتەك کۆمۆنیستەکانی ئیسپانیا و بەتایبەتی تر لەتەك خانمە کۆمۆنیستی بەناوبانگ (دولوریس ئیباروری). هاوکات لەتەك دۆزی فەڵەستیندا بەتەواوی هاوسۆزی فەلەستینییەکان بوو، لە دیداری (یاسر عەرەفات) و کاسترۆی ساڵی 1973ی هاڤانا، کاسترۆ بڕیاری پچڕانی هەموو جۆرە پەیوەندییەکی دا لەتەك ئیسرائیلدا. هەروەها لە ئەمریکای لاتینیشدا کاسترۆ نموونەی بەرەنگاری ئەمەریکای لاتین بوو دژ بە ئیمپریالیزمی ئەمریکا، هەربۆیە هەمیشە بەرەی چەپ لە

**لە قۆناغی سەرکردایەتی کاسترۆدا 10 نەزمی سیاسی ئەمەریکا و 10 سەرکردەی ئەمەریکا نەیانتوانی ئیرادە و ئیمانی کاسترۆ لەق بکەن و رووبەڕووی هەموویان وەستایەوە**

سەنگەری کاسترۆدا بوون، بۆنموونە (سلڤادور ئالندە) لە چیللی، بەهەماهەنگی کاسترۆ توانی سەرکەوتوو بێت لە دامەزراندنی حکومەتی کۆمۆنیستیدا. زیاد لەوەیش لە ڕۆژهەڵاتی دوور و لە نیمچە دورگەی هیندی چینی و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەموو بزاڤە ئازادیخوازەکانی بەسەردەکردەوە و هاوسۆز و پشتیوانی گەلی ڤێتنامی باشوور بوو، (تا سی کیو)ی رابەری بەرەی رزگاریخوازی نیشتیمانی ڤێتنامی باشوور لەتەك کاسترۆدا زۆر هەماهەنگی یەکتر بوون. هاوکات هەر لە حەفتاکاندا لەتەك گەلێک لە سەرکردە ئەورووپییەکانی نەیاری ئەمریکا پەیوەندی هەبوو، لەوانە (فرانسۆ میتران، ئۆلف پاڵمێ) کە ساڵی 1986 لە رەوشێکی نادیاردا لە ستۆکۆڵم تیرۆر کرا، هاوکات لەتەك ئەندیرا غاندی لە ساڵی 1976 پشتیوانی یەکتری بوون و هیندیان نەخستە سەنگەری سیاسەتی ئەمەریکاوە. جگە لەوەیش لەتەك (نیلسۆن ماندێلا)ش پەیوەندی پتەوی هەبوو. کاسترۆ بۆخۆی یەکێك بوو لەو رابەرانەی کە زۆرترین پەیوەندی لەتەك وڵاتاندا هەبوو، لەنێو سەرکردەکانی دونیاشدا بەهۆی کاسترۆوە کوبا ببووە جێگەی

سەرنج و بایەخی ڕێبەرەکان و بەتامەزرۆییەوە هەوڵی دیتن و دامەزراندنی پەوەندییان دەدا.

کاسترۆ لەبەرامبەر ئەمەریکادا شوناسی خۆی دیاری کرد، چونکە لە میانی 50 ساڵەی فەرمانڕەوایەتییدا توانی دژ بە هەموو ڕێوشوێن و سیاسەتە کلاسیکی و سەردەمییەکانی ئەمەریکا بوەستێتەوە. بەجۆرێك لە قۆناغی سەرکردایەتی کاسترۆدا 10 نەزمی سیاسی ئەمەریکا و 10 سەرکردەی ئەمەریکا نەیانتوانی ئیرادە و ئیمانی کاسترۆ لەق بکەن و ڕووبەڕوی هەموویان وەستایەوە. کاسترۆ و 45 ساڵ گەمارۆی ئەمەریکا لەرووی ئابوورییەوە ببویە تاڵاوێك کە بە قورگی کوبییەکاندا دەکرا. ئەو لە خەباتی ڕزگاریخوازی خۆیدا و لەساڵی 1953وە بەڵێنی برینەوەی دەستی ئەمریکای دابوو لە کوبادا. ئایزەنهاوەر (1953ـ1961) یەکێك بوو لەو سەرکردانەی ئەمەریکا کە جەنگی دژ بە شۆڕشی کوبا ڕاگەیاند و پشتیوانی پاتیستای دەکرد. ئایزەنهاوەر بەهەموو جۆرە چەکێك یارمەتی پاتێستای دا و پاش سەرکەوتنی کوبا و کاسترۆیش، ئیدی هەموو جۆرە پەیوەندییەکی دیپلۆماسی لەتەك کوبادا پچڕاند. دوای ئەویش جۆن ئێف کەنەدی (1961ـ1964) یەکێك بوو لەو سەرۆکانەی ئەمەریکا کە بەتەواوی کوبای بە شێرپەنجەیەکی نزیك بە خاکی ئەمریکا ناودەبرد. هەربۆیە لە کاردانەوەی ئەو سەرۆکەدا بە شێوەیەکی کردارەکی لە دورگەی بەرازەکانی کوبادا دژی کوبا وەستا و سەرکوتوو نەبوو، هەربۆیە یەکێك لە ڕووداوە دیارەکانی سەدەی بیستەم دروست بوو کە بنکە موشەکییەکانی مۆسکۆ هێنرانە کوباوە و مەترسی جەنگی ڕاستەوخۆ لەمیانی بەرەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا تەواوی دنیای گرتەوە. دانانی ئەو بنکە موشەکییانە لەلایەن دەزگای هەواڵگریی ئەمریکاوە لە ساڵی 1962دا ئاشکرا کرابوو. کەنەدی بەتەواوی کاسترۆی بە دوژمنی مرۆڤایەتی و مەترسی سەر وڵاتەکەی دەزانی بۆیە هەموو سەرچاوە ئابوورییەکانی ڕوو بە کوبای وشك کرد. پاش کەنەدی لیندۆن جۆنسۆن (1963ـ1969) لە چەندین ڕووەوە دژایەتی کوبای کرد، کە دیارترینیان ڕێگرتن بوو لەوەی کوبا ڕەوشی ئابووری چاکبکات و پەیوەندی لەتەك وڵاتانی سۆشیالیستی بکات، هاوکات گەمارۆی ئابووری بەرنامەبۆدارێژراوی بۆ سەر کوبا دانا و هاوکات لە سەردەمی ئەویشدا چەندین جار هەوڵی تیرۆرکردنی کاسترۆ درا. پاش ئەویش ڕیچارد نیکسۆن (1969ـ1974) تاکە سەرچاوەی ئابووری کوبییەکان کە ماسیگرتن بوو، لێی قەدەغەکردن و بووە مەترسی بۆ سەر ژیانی کوبییەکان و سەردەمی برسیکردنی خەڵکی کوبا دەستپێکرد و بە چەندین شێواز هەوڵی تیرۆری کوبییەکانی دا. گیرارد فۆردیش تاساڵی 1977 سەرۆکی ئەمریکا بوو، سیاسەتی ئەمریکا تەنگپێهەڵچنینی نوێنەر و باڵوێز و دیپلۆماسییەتی کوبا بوو لە دەرەوە، هاوکات جگە لە هەوڵی تیرۆری کاسترۆ، هەوڵی لێدانی پرۆژە و بنکە گەشتیاری و هاوڵاتییەکانی کوبای دەدا، لەو میانەیەشدا فرۆکەیەکی کوبی کە زیاد لە حەفتا هاوڵاتی تیابوو خرایە خوارەوە.

بەڵام لە سەردەمی جیمی کارتەردا تا ئەندازەیەك پەیوەندییەکان هێورتربوون و بۆ یەکەمجار ڕێگە بە هاموشۆی سنووردار درا، هەردوو وڵاتیش لە وڵاتی یەکتریدا نوسینگەکانی خۆیان دەکردەوە، کارتەر لەم دواییانەدا لە دوو هەزارەکاندا بۆ دووجار سەردانی کوبای کرد و چاوی بە کاسترۆ کەوتبوو. بەڵام لە سەردەمی ڕۆناڵد ریگان کە تاوەکو ڕووخانی دیواری بەرلین و شکستی کۆمۆنیزم لەسەر ئاستی جیهان سەرۆکی ئەمریکا بوو، زیاتر لەوانی پێشوو دژی کوبا بوو و لە سەردەمی ئەودا یارمەتی ڕێکخراوێکی نیشتیمانی کوبی درا کە نەیارانی کاسترۆ بوون. جگە لەوەش بەتەواوی گەمارۆ ئابوورییەکانی سەر کوبا تۆخکرایەوە. سەردەمی جۆرج بۆشیش تاوەکو ساڵی 1993 درێژەی کێشان سەردەمی ئەو بۆ کوبیەکان ناهەموار بوو، پشتیوانە مەزنەکەیان کە یەکێتی سۆڤییەت بوو لەدەستدابوو، بۆشیش بە بەرنامە ڕێکەوتنی توریتشلیدا هەموو کۆمپانیایەکی سزا دەدا کە مامەڵە لەتەك کوبادا بکەن.

کلینتۆن تاوەکو 2001 سەرۆکی ئەمریکا بوو، ئەو وەك دیموکراتەکان چاوەڕێ دەکرا بە کۆتایی جەنگی سارد ئەو جەنگەیش لە کوبا کۆتایی پێبهێنێت، بەڵام بەپێچەوانەوە ئاشتی لەبەرامبەر کوبا نیشاننەدا، ئابووری چەکی ستراتیژی ئەمریکا بوو لە بەرامبەر باوەڕ و پرەنسیپە کۆمۆنیستییەکانی کاسترۆدا. کلنتۆن بەیاسای هلمس بۆرتۆن توانی زیاتر لەرووی ئابوورییەوە تەنگ بە کوبا هەڵچنێت، ئەوە وایکرد لە نەوەدەکاندا بە هەزاران کەس لە کوبا کۆچیانکرد

بۆ کەناراوەکانی ئەمەریکا، ڕەوشی ژیان لەوێندەر بەتەواوی شێوا و خەڵکی ئۆقرەیان نەما لەسەر برسییەتی. لە سەردەمی کۆمارییەکان و بۆشی کوڕدا، کە دوایین سەرکردەی ئەمریکا بوو ڕووبەڕووی کاسترۆ وەستا، ئیدی کاسترۆ نەخۆشی و پیری تەنگی پێهەڵچنی و ساڵێك پێش تەواوبوونی وادەی بۆش لە 2008دا وازی لە کورسیە ماندووەکەی هێنا.

لە سەردەمی بۆشدا کوبییەکانی ئەمریکا بواری هاتوچۆیان نەبوو بۆ کوبا بە ئابوورییەکی دژواردا تێدەپەڕی. شکاندنی بەستەڵەکی پەیوەندییەکان لەنێوان کوبا و ئەمەریکا، لە سەردەمی ئۆبامادا دەستی پێکرد، کە تەواوی ڕێوشوێنە توندەکانی پێشوو لە ڕێگری هاتوچۆ و بوونی سەفارەت و سەردانکردنی یەکتریی کۆتاییان هات، ئۆباما لە 2014وە هەنگاوی مەزنی نا و لە 2016دا وەك یەکەم سەرۆکی ئەمریکا کە لە بیستەکانەوە بەفەرمی نەچووەتە کوبا، چووە کوبا و چاوی بە کاسترۆیش کەوت، پرسی ئاشتبوونەوەی هەردوولایش پەیوەستکرا بەوەی کە پێویستە کوبا مەلەفی دیموکراسی و ئازادییەکان و پرسی مافەکانی مرۆڤ لە وڵاتەکەیدا چاکبکات و لەبەرامبەردا کوباش چەند هەنگاوێك هاتە پێشەوە و مەرجەکانی خۆی نیشاندا. هێوربوونەوەی پەیوەندییەکانی کوبا و ئەمریکا لەلای هەندێك لێکۆڵەری سیاسی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بڵێن ئێستا جەنگی سارد کۆتایی هات، نەوەك بە ڕووخانی سۆڤیەت، چونکە کوبا هەڵگیرسێنەری ڕاستەوخۆ یاخود داینەمۆی ئەو جەنگە بوو لە بندەستی ئەمریکادا. دروشمەکانی کوبا و بیری کۆمۆنیستی کاسترۆ و ئەو دەوڵەتە سۆسیالیستییەی کە کاسترۆ بونیادی نابوو، تا ئەندازەیەك ترسی لە کیشوەری ئەمریکادا دروستکردبوو، کە لە ئەمریکای سەرزەمینی ئاشتی و دیموکراسیدا تەنانەت بەستنی بۆینباخی ڕەنگ سوور قەدەغە کرابوون، جگە لەوەی هێنانی ناوی کاسترۆ وەك هێمایەك بوو بۆ دژایەتی ئەمەریکا. ئەمڕۆ کە ئەمریکا پاش دەیان ساڵ بە ڕووی ئەم نەیارەی بندەستیدا دەکرێتەوە، دەکرێت شرۆڤەی ئەوە بکرێت کە ئایا ئەمریکا شکستی هێناوە لە هەمبەر کوبا و چەپی کوبیدا، یاخود ڕاوڵ کاسترۆ کۆتایی هێناوە بە نەزمی کاسترۆی برای و لەو ڕێبازە لایداوە کە پەنجا ساڵ برسییەتی گەلەکەی و خۆی پێیەسەند بوو، نەك ئەوەی بچێتە ژێر باری بەند و یاسا سەرمایەدارییەکانی ئەمەریکاوە. هەموو ئەوانە پرسگەلێکن لە مەرگی کاسترۆدا، لە تەمەنی پڕ خەباتی شاخ و شاری ئەودا پێویستیان بە وەڵامە. کاسترۆ شکستی هێنا یان براوە بوو؟ ئایا بە ڕێککەوتنی کوبا لەتەك ئەمریکا، ئیدی شوێنێك دەمێنێتەوە بۆ خەباتی شۆڕشگێڕی؟ ئایا لە کوبادا شۆڕش سەرکەوت و ئەوەی لە کوباشدا گوزەرا ئاکامی شۆڕش بوو؟ ئایا برسیکردنی نەتەوەیەك بۆ پەنجا ساڵ و دواتر چوونەوە ئامێزی نەزمە جیهانییەکەی ئەمریکا، بریتییە لە دەرهاویشتەکانی شۆڕشی کۆمۆنیزم و چەپگەراکان؟ هەربۆیە بەشێك لە لێکۆڵەران بە ڕەشبینییەوە پێیان وایە ڕێککەوتنی کوبا و ئەمریکا واتە کۆتایهاتنی شۆڕش، هەندێکیش پێیان وایە کە نەخێر ئەمریکا و سیستەمی باڵادەستی خۆرئاوا لەبەردەم شۆڕشێکی سەرکەوتوودا دانی نا بە ڕاستییەکاندا.

بەم پێیە بەشێکیش لەو باوەڕەدان کە کاسترۆ لەرووی دابڕانی کەلتوری مەسیحییەوە لە وڵاتەکەی و ئەمریکای لاتین، هەنگاوی مەزنی نا و کۆمەڵگەی گیرۆدەی بەند و باوەکانی کاسۆلیکی ڕاچڵەکاند و لە هەموو هەڵوێستەکانیدا بوێرانە و ڕاشکاوانە بوونی خۆی نیشانداوە. کاسترۆ لە بۆچوونی لێکۆڵەراندا بە هەڵسوکەوتە تایبەتییەکانی وایکردبوو کە سەرنج ڕاکێش بێت، ئەو بە سیگارێکەوە هەمیشە بە وتاری دوور و درێژی خۆی و حەماسەتە ئاگرینەکەی، بەرامبەری ناچار بە گوێگرتن دەکرد. دواجار پێچەوانەی سەرکردە چەپەکانی وەك لینین و هۆشی منە و ماوتسی تۆنگ، کە وەسیەتیان کردبوو مۆمیایان بکەن، ئەو وتبووی بیسوتێنن.

بۆ نووسینی ئەم وتارە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:
1.http://mileswmathis.com/castro.pdf
2.http://www.latinamericanstudies.org/cuba/Bonsal-1967.pdf
3.http://www.people.fas.harvard.edu/~jidoming/images/jid_cubanforeign.PDF